موحسین مەندەلاوی سەردانی تورکیای کرد

سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە وەکالەت، سەردانی پەرلەمانی تورکیای کرد و و سەرکی پەرلەمانی تورکیاش رایگەیاند، سەردانەکەی ئەردەغان بۆ بەغداد خاڵی وەرچەرخان دەبێت.

موحسین مەندەلاوی، سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە وەکالەت و شاندکی ئەنجوومەنی نوێنەران سەردانی پەرلەمانی تورکیایان کرد و لەگەڵ نوعمان کورتوموش، سەرکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێنقەرە و بەغداد کردەوە و رایانگەیاند: هەردوو وڵات لە هەماهەنگییەکانیان بەردەوامدەبن.

سەرکی پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند: سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردەغان کە بەیارەی دووشەممەی داهاتوو ئەنجام بدرێت، دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق.